# بەرەو 8 ی مارس

6

**بژی 8ی مارس،**
**ڕۆژی جیهانی ژن.**

04.03.2005 www.equalityiniraq.com بلاوکراوەیەکی ڕۆژانەیە ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق دەری دەکات




ئەگەر بڕیار بێت تەنیا یەك هۆ بهێنرێتەوە بۆ نیشاندانی بێکەڵکی کۆمەڵگەی سەرمایەداری ئەمڕۆ لەگەڵ خواست و ئاوات وئارەزوو و ئەندێشەکانی ئینساندا , ئەوە هەڵاواردن و نایەکسانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی نیوەی کۆمەڵگەی ئینسانیە کە ژنانن, تەنیا ئەمە بەسە بۆ گۆڕینی ئەم دنیایە. لە وولاتانێك کە دینی ئیسلام لەگەڵ تایبەتی ترین بەشەکانی ژیانی کۆمەڵگە بە زۆر تێکەڵ کراوە, ئەم نایەکسانیە لە وەحشیانەترین ئاستیدا بەڕێوە دەچێت . لەم وولاتانەدا ئینسانیەتی ژن لە ژێر پرسیاردایە . هاوولاتی بوونی بۆ دوو و سێ و چوار پۆلێن کراوە.لەم وولاتانەدا و لەم هەزارەی سێهەمەدا ژنان تەنیا عەورەتی پیاوەکانیان و ئەسیادەکانیانن . ژنان تەنیا وەسیلەی دامرکاندنەوەی ئارەزووی سێکسی ئەسیادەکانیانن . وەکو کۆیلەکانی سەدەکانی ناوەڕاست , وەرگرتنەوەی ژیان , لیدان وئازاردانی ژنان لە دەستی ئەسیادەکانیاندایە ئەگەر سەرپێچی بکەن . لەم وولاتانەدا و بەپێی حوکمی شەریعەت ودین لە ژێر ناوی چەند ژنە و زەواجی موتعەو سیغەدا گەورەترین کۆمپانیای ئیغتیسابی ژنان وکیژۆڵەی دەو یانزە ساڵە دەچەرخێ. لە وولاتێکی وەکو میسردا وەسیلەی سەرەکی ژیانی ژنان و منداڵەکانیان لەش فرۆشیە . لەم وولاتانەدا دەوڵەت وحکومەت وقانوون لەبەرامبەر وەلامدانەوە بەپێداوستیەکانی دانیشتوانی تەنانەت پیاوانی اپلە یەكایش خۆی بە لێپرسراو نازانێ , بەلام سەدان مەلا و قانوون ومزگەوت و زیندان وئایات و حەدیس و پاسەوانی بەدیار تەنانەت جلوبەرگ پۆشینی ژنانیشەوە داناوە!. لەدادگاکان قانوونی شەریعەت ومەلا بەڕێوە دەچێت و لەماڵەکانیش هەمان ئەو قانوونە تێلاو وکوتەك وقامچی و چەکی داوەتە دەستی باوك وبرا و خاڵو مام و ئامۆزاو.....!. ئەگەر بەر لە گەیشتنی ئەوان ژنان فریا بکەون , چەند لیترێك نەوت و تەنیا یەك تەڵ شقارتە بەسە بۆ خستنە ژێر گڵی ئاواتەکان و ماڵئاوایی هەمیشەیی لە دنیا!.

ئاخر ئەم نیزمانە بۆچی چاکن ؟! ئەم نیزامانە کە ڕۆژانە لەسەر سەربڕینی ئاوات و ئارەزووەکانی ئینسانی ئەمڕۆ و بێبەشکردنیان لەسەرتاییترین مافەکانی ئەمڕۆیان درێژە بەمانەوەی خۆی دەدات بۆچی هەبن ؟!. بێجگە لە مشتێك مەلای مێزەر بەسەر و کۆمەڵێك کۆنەپەرستی نەتەوەپەرست و نامووس پەرست, کێ بەرژوەندی لە مانەوەی ئەم نیزامانەدا هەیە؟!.

بۆ ئەوەی ئینسانیەت ئازاد بێت دەبێ ئەم نیزامانە بەسەر پارێزەرانیدا بروخێ, بۆئەوەی ژنان و پیاوان دەست لە ناودەستی یەکتر هەردوو پێکەوە ئایندەیەکی باشتر بۆ خۆیان پێکەوە بنێن و لەئامێزی گەرمی خۆشەویستی یەکتردا بن, دەبێ ئەو قانوون ویاسایانەی کەلەسەر بناغەی پلەدوویی ژنان دارێژراوە فڕێ بدرێنە زبڵدانی مێژووەوە , بۆ ئەوەی کەرامەت و حورمەتی ئینسانەکان پارێزراو بێت و جوانی ئینسان و داهێنانە ڕەنگینەکانی نەمرن , دەبێ ژنان کۆیلەو پلە دوو نەبن و پیاوانیش بەخاوەندارەتیان بۆ کۆیلەتی ژنان قایل نەبن و تووڕ هەڵدەن.

بەڕاستی لەم سەردەمی گەشەی بێ ئەوپەری تەکنۆلۆجیا و هەندەسەی جیناتدا شەرم نیە بۆ بەشەرییەتی ئەمڕۆ, ئینسانەکان ئەوە قبووڵ بکەن کە لەسەر بناغەی ڕەگەز و قەوم ودین وتایەفە و عەشیرەتەکان وەك جۆری گیاندارەکانی جەنگەڵەکانی ئەفریقا, پۆلێن بکرێن؟!

ڕۆژی 8ی مارس بە درێژایی مێژووی خەباتکارانەی خۆی , ڕۆژی نەخێری بەکۆمەڵی ژنانی ناڕازی وپیاوانی یەکسانیخواز بووە بەم بەربەریەتە. ڕۆژی دەربڕینی نارەزایەتی ژنان بووە بە جێگاو ڕێگای نایەکسان و پلەدوویی ژنان , ڕۆژی بانگەوازی ژنان و تەواوی ئازادیخوازان و یەکسانیخوازانی دنیا بووە بۆ ڕزگاربوونی نیوەی دانیشتوانی ئەم سەر زەویە. چ شەهامەتێکی گەورەیە, چەندێك جێگای پێشوازیە, چەندێك شکۆدارەو مایەی سەبووریە بۆ ویژدانی بەخەبەری هەر کەسێك دەنگی نەخێری خۆی تێکەڵ بە نەخێرەکانی تر بکات و لەم نمایشە عەزیمەدا بەشداری بکات و جێگای دەستی دیاربێت . وەرن بە پێکەوە هەموو دیوارە ڕزیوەکانی زیندانێك بڕوخێنین کە پارێزەرانی دنیای جەهلو خورافە دەیانەوێ بۆ کۆیلەتی ژنان و لەبەندا ڕاگرتنی ئازادیخوازی و مۆدێرنێزمی کۆمەڵگەی عێراق هەڵیچنن.

**بةرزو بةريزبيت 8 ي مارس،رؤذي جيهاني ذنان!**

# بۆضي جيـــايي ديـــن لةدةولـَّـةت ؟

ناسك ئەحمەد



کردنی دین و ئایدیۆلۆژیای دینی, یان هەر ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراوی تر, تەنانەت مارکسیزمیش کە ئێمەی کۆمۆنیستەکان پێمان وایە ئایدلۆژیایەکی ئینسانیە , بە بناغەی دارشتنی قانوونەکانی هەر وولاَتێك ، یەعنی پاوانکردنی کۆمەڵگا و سنووردارکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵك بۆ ئەو ئایدۆلۆژیا دیاریکراوە ، بەم پێیە لەدەرەوەی ئەو قانوونانەوە هەموو شتێك بەزاندنی هێلی سوورەو بە قەدەغە بە حساب دێت .

کۆمەڵگەی ئەورووپی دوو سەدە لەمەوبەر و لەدوای شۆڕشی گەورەی فەڕەنساوە, دین (کە پایەیەکی بناغەیی دەسەلاَتەکانی پێش سەرمایەداری بوون و کارەساتی گەورەیان بە هەقی ئینسانیەت ئەنجامدا) خستە قەفەزەوەو لەسەر ژیانی سیاسی و قانوونی کۆمەڵگە دووری خستەوەو سپاردی بە کاری تایبەتی ئینسانەکان. هۆیەکی گەورەی پێشکەوتنی کۆمەڵگای ئەورووپی, لەفەرهەنگی ئینسانیەوە تا تەکنۆلۆجیا وزانست وئینسانیەت و ئابووری بەهێز و داهێنان لە تەواوی مەیدانەکانی ژیاندا بۆ ئێرە دەگەڕێتەوە. بەداخەوە سەرمایەداری تاوەکو ئێستا ئەم کارەی لەوولاَتانی شەرق کە ئیسلام سەدان ساڵە پایەی قانوونەکانەو کۆمەڵگەی پاوانکردووە, نەك هەر ئەنجام نەداوە, بەڵکو بەهۆی گەندەڵ بوونی نیزامی سەرمایەداری ئەم سەردەمەوە , ئێستا ئیتر ئەو فرسەتە لە دەست سەرمایەداریدا نییە. بە پێچەوانەی سەدەکانی پێشووەوە سەرمایەداریی ئەمرۆ بەرژوەندی لە مانەوەی ئەم جەهالەتەو دەست پێوە گرتنیدایە, ئەم کارە ئیتر کەوتۆتە سەر شانی چینی کرێکارو کۆمۆنیزمەکەی. جیایی دین لەدەوڵەت بۆ ئیمە وەستانەوە و رووبەروبوونەوەیە بەرامبەر هەلومەرجیکی تاریك و ترسناك کە لەزۆر بەشی ئەمرۆی دنیادا بۆ ئینسانەکان لە ئارادایە، ئەویش دەخالەت کردنی دین وبیروباوەرە دینیەکانە لە نێو دەوڵەت و یاسا و خۆیندن وپەروەردەدا. ئەمرۆ دینی ئیسلام تەنیا کۆمەلێك بیروباوەڕی نێو مێشکی ئینسانەکان نیە, کە ڕەنگە کەسێك قبووڵی بکات یان نەیکات, باوەڕی پێی بێت یان نەیبێت , ئەوە ئلستێکە کە ئێمە دەمانەوێ بە جیایی دین لە دەوڵەت، دینی ئیسلامی پێ بگەیەنین. ئیسلام ئەمرۆ چەکیکە ، ئامرازیکە، چوارچێوەیەکە، بۆ بزووتنەوەیەکی سیاسی دیاریکراو کە ئیسلامی سیاسیە بۆ دەسەلاَت وەرگرتن، بۆ کێشمەکێشیکی خۆیناوی لەگەڵ بزووتنەوە سیاسی وحکوماتە جۆراوجۆرەکان لەشەری پچرینی دەسەلاَتی سیاسیدا کەلەم کیشمەکیشەدا ژیان ومافەکانی ئینسان قوربانیە، بۆ سایەکردنی هەژمونی خۆی بەسەر کۆمەڵگا و ژیانی ئینسانەکاندا. ئیسلام دەڵێ: پیاوان لەسەروو ژنانەوەن، ژن مەحرەمەی پیاوە ، ژن سەرچاوەی فسادە، بۆیە ژن دەبێ لەچاوی کۆمەلگە بشاردریتەوە وئەگەر بەناچاری دەرکەوت دەبێ لەژێر چادرو حیجابدا خۆی حەشار بدات. ژن لەزمنی ماڵ ومولکی پیاودایە هەروەها مندالانیش ، ئەم ملك وماڵە تەنها پیاو حەقی تەسەرف کردنی پێوە هەیە. تیرۆری نەفسی تالێدان تا کوشتنی ژن بۆ پیاو رێگەپێدراوە . پیاو رێگەی پێدراوە لەیەك کاتدا لەگەڵ چوار ژن زەواج بکات، واتە ژیان و سیکس و هەست و...چوار ژن مولکداری بکات. سەفەر و هاتووچۆ تەنانەت نانخواردنی ژن لەدەست پیاوو بە ئەمرو حەزی پیاوە....وەختیك ئەم چوارچیوەیە ، ئەم بیروباوەرە لە کۆمەڵگەدا دەبێت بە قانوون و دەستوری دەوڵەت بەپێیَ ئەم باوەرە دائەرێژری، ئیتر ئەم بیرباوەرە ئەچێتە خانەی ئەوەی کە دادگا و پاسەوان وقامچی دەستبەکاربن بۆ جێبەجێکردنی و وادارکردنی ئینسانەکان بە پابەندبوون پێوەی. لەو وولاَتانەدا کە ئەم حوکمە لەسەر کارە، رۆژانە ژنان و کیژۆلەی هەشت نۆ ساڵە رووبەروی کوشتن و لێدان شەلاقککاری و بەردەبارانکردن و زیندانی وبرینی ئەندامەکانی لەشیان ئەبنەوە لەسەر بەریوەبردنی ئەم حوکمە ناکۆك بەئینسان وبەربەریە.

جیایی دین لەدەوڵەت پاراستنی کۆمەڵکە و ئینسانەکانە بەشیوەیەکی قانوونی لەم چارەنووسە، پاریزگاریکردنە لە ئینسان لەبەرامبەر ئایۆلۆژیایەکی دیاریکراودا کە مایەی کۆیلایەتی وسەرکۆت وبەندکردنی ئینسانە. جیایی دین لە دەوڵەت هێنانە ئاراوەی فەزایەکی سالم وگونجاو وبەرابەرە بۆ ژیانکردنی ئینسانەکان بۆ تێکۆشانی ئینسانەکان لە بەدیهێنانی ئازادی و یەکسانی تەواودا، پارستنی منداڵانە لە تێکدانی ژیانیان بەبیروباوەری مەزهەبی، ودیفاع کردنە لەمافەکانیان، وریگەندانە بە مەزهەب کە ژیانیان نابووت بکات و بەشیوەیەکی سالمی جسمی ورۆحی پەروەردەبکرێن. جیایی دین لەدەوڵەت, پاراستنی کۆمەڵگەو مافەکانی خەڵکە لە توندو تیژی, لە نایەکسانی . بوارکردنەوەیە بۆ لابردنی قوورسایی دین و خورافەو لەسەر ژیان و بیرکردنەوەی ئینسانەکان , لابردنی کۆسپی گەورەیە لەبەردەم مومارەسەکردنی ئازادی بیرڕاو ئەندێشەو قەڵەم , لابردنی کۆسپە لەبەردەم داهێنان و پێکەوەژیانی کۆمەلأیەتی ئازادانەی ئینسانەکان , پاراستنی کۆمەڵگەیە لە نەگەڕانەوەی بۆ دواوەو. هەڵبەتە هەر کەسێك ئازادە بڕوای بە دواکەوتووترین و تەنانەت دژی ئینسانی ترین بیروڕا هەبێت و بەئاشکرا ڕاییگەیەنێت و ڕیکلامی بۆ بکات. بەلأم هەڕەشەکردن لە کۆمەڵگاو هاندان بۆ توندو تیژی , جبەخانە بەیەکەوە نان , سەپاندنی ئەو بیروڕایە بەسەر ئینسانەکاندا, قەدەغەیە. بەکورتی جیایی دین لە دەوڵەت , لێدانی پشتێنەیەکی پارێزگاریە لە مافەکانی ئینسانەکان. 2005/3/3

## بەرز وبەریز بیت رۆژی جیهانی ژنان

## رۆژی وەستانەوە بەدژی هەلأواردن ونایەکسانی

لەژیر دروشمی:

**نـــا بۆ حکومەتی ئیسلامی.. نا بۆ کۆیلەکردنی ژنـــــــان ،بەلی بۆ جیایی دین لەدەولەت..بەلی بۆ یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان و پیاوان دا**

ریکخراوی ئازادی ژن لەعیراق _نوینەرایەتی هۆلەندا وحیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق _کۆمیتەی هۆلەندا،چەند چالاکی ئەنجامدەدەن:-

1- رۆژی شەممە 5مارس2005 کاتژمیر 12:00 هەتا 16:00 لەشاری ئەمستردام میزکتیب وپیکیتی نارەزایەتی دادەنین.

لەم رۆژەدا بریارنامەی ئازادی ژن بەبۆنەی 8 مارس و بەیان وراگەیاندن وبلأوکراوەی سیاسی بەزمانی عەرەبی وکوردی وئینگلیزی وهۆلەندی بلأودەکرینەوە. هەروەها فۆرمی تایبەت بۆ ئیمزای پشتیوانیکردنی کۆنگرەی ئازادی ژن وبریارنامەی 8 مارس دادەنریت.

2- رۆژی سێشەممە 8مارس 2005 کاتژمیر13:00هەتا 16:00 لەمەیدانی مەرکەزی شاری ئەمستردام(Dam) لیژنەیەك لەهاوریێیان هەلدەسن بەبلأوکردنەوەی بەیان وبلأوکراوەکان وبریارنامەی 8مارس،وە کۆکۆدنەوەی ئیمزای پشتیوانی بۆ کۆنگرەی بەغدای ریکخراوی ئازادی ژن.

بانگەوازی سەرجەم ژنان وئازادیخوازان ولایەنگرانی یەکسانی ژن وپیاو وەحکومەتی سکۆلار لەعیراق دەکەین، بەشداری وسەردانی ئەم ئاکسیۆنە نارەزایەتیانە بکەن،وئەم رۆژە بەرزرابگرن.

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفۆنانەوە بکەن:

(*) ئەستیرە محمد _ نوینەری ریکخراوی ئازادی ژن لە هۆلەندا 0610107347

(*) محمد غفور لىرسراوى كۆمىتەى هۆلەندا —حككع




بةرةو 8 ي مارس

بلآوكراوةيةكي رؤذانةية، رسكخراوي ئازادي ذن لة عصراق بؤ ثمشوازي لة 8 ي مارس، رؤذي جيهاني ذنان، دةري دةكات!

سةرنوسةر: ناسك ئةحمةد

nasikahmad2@yahoo.com

سةرثةرشتيار: عمر احمد ( خطاط )